# ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگ

(پێگەی دەوڵەت لە ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگدا)

د. ئیسماعیل مەحموودی
(هەورامانی ڕۆژهەڵات کورستان)

(٢- ٢)

هەر لەم ماوەیەدا و بە واتایەک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە هۆی زاڵبوونی گوتاری تورانخوازی (١٣) و تورکخوازی (١٤) و بە وتەی ئەمین زەکی پاش ئەوەی لە«جێگەی تەعبیری عموومیی «عوسمانی»، لەفزی «تورک» و «تورانی» لە تورکیادا زاڵ دەبێت (ئەمین زەکی بەگ، ١: ٢٠٠٦)، ئەویش تووشی گومان لە شوناسی عوسمانی خۆی دەبێت و وەک «ئەفرادی میللەتەکانی تر»، لە «ناو ئەو کۆمەڵەدا»، ئیتر «غیرەتی» هەست پێ دەکات و «غرووری قەومی، مەجبووری دەکات کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حیسسەی خۆی ئیزهار» بکات، بەڵام «دەرحەق بە ئەسڵ و تەئریخی قەومەکە»ی کەمترین شارەزایی نەبوو لەبەر ئەوەی «کەلیمەی جامیعەی عوسمانلی، ئەعسابی قەومییەی» هەموویانی «خاو کردبووەوە»، لێرەوە، پرسیاری: «قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە؟ چی بەسەر هاتووە»؟ (ئەمین زەکی بەگ، ١: ٢٠٠٦) دەبێتە پرسی سەرەکی ئەندێشەی.

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، ڕوو لە خوێندنەوەی مێژوو دەکات و لەساڵی (١٩٠٨)وە تا ساڵی (١٩١٧) خەریکی نۆت هەڵگرتن لە مێژووی کورد دەبێت و لەم ساڵەشدا بە هۆی «موسیبەتێکی گەورە»وە، واتە ئاگرگرتنی گەڕەکەکەیان، «خانووەکەی» ئەویش دەسووتێ و ڕەنجی «پێنج شەش ساڵەی» نۆت هەڵگرتنی لە شوناس و مێژووی

کوردی لە کیس دەچێت (ئەمین زەکی بەگ، ٢: ٢٠٠٦).

پاش ئەم ڕووداوە، ڕووداوی چارەنووسسازی وەک کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەت و سەرهەڵدانی ئەتاتورک، دەرفەت بۆ درێژەی گەڕان بە دوای خوێندنەوەی مێژوو و مێژوونووسیی ناهێڵێتەوە، پاش دامەرزانی دەوڵەتی عێراقیش، تورکیای ئەتاتورک بە جێ دەهێڵێت و لە ساڵی ١٩٢٤ ڕوو دەکاتە بەغدا.

لە بەغدا سەرقاڵی کاروباری سەربازی و دواتر نوێنەرایەتی پەرلەمان و وەزارەت دەبێت و (٥) ساڵ پاش گەڕانەوەی لە ئیستەنبوڵ، لە پاڵ هەوڵی بەردەوامی بۆ گەشەپێدانی بواری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٩) بە هۆی دەستخستنی «ئینسکلۆپیدیای ئیسلام» و خوێندنەوەی «بەحسێکی مەخسووسی کورد»، لە نووسینی «مینۆرسکی»، ئەمین زەکی هان دەدات «سەرلەنوێ، قەرار» لە نووسینی مێژووی کوردستان بدات و دەرەنجام کتێبی «خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان» لە ساڵی ١٩٣١ بڵاو دەکاتەوە، دواتریش دوو کتێبی «تەئریخی وڵاتی سلێمانی» و«پیاوە گەورەکانی کورد» هەر لەم ئاراستەیەدا بڵاو دەکاتەوە.

دەکرێت باس لەوە بکرێت کە ئەمین زەکی لە بەغدا لەلایەکەوە لە ڕێگەی نووسینی مێژووی کورد و کوردستان، هەروەها ناودارانی کورد، هەوڵ بۆ گەشانەوەی وشیاریی قەومی و ژیانەوەی شوناس و پەردەهەڵدانەوە لە ڕابوردووی کورد دەدات و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەوڵ بۆ گەشەپێدانی بواری فەرهەنگی، سیاسی و ئابووری لە ڕێگەی کردنەوەی مەکتەبخانە، ناردنی خوێندکاری کورد بۆ دەرەوە، پەروەردەکردنی مامۆستای کورد،



**ئەمین زەکی بەگ**

دانانی بەرپرسی کورد، بە فەرمی کردنی زمانی کوردی و سەلماندنی جوگرافیای کوردستان وەک بەشێکی خاوەن مافی تایبەت لە عێراق دەدات، (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٥: ٣١- ٦٨).

شێوازی ئەمین زەکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە بەم جۆرە بوو کە «دائیما مولاحەظەی حاڵ و ئەحواڵ بکا و لە ئیفراط و تەفریط خۆی بپارێزێ، دائیما دوورەندیش و موعتەدیل بێ، لە فیکر و قەناعەتدا سابیت بێ، فڕبڕی نەبێ و لە پێش تەلەبکردنی هەر شتێکدا مولاحەظەی ئیمکانی بکا» و پێی وابوو ئەگەر ئەم شێوازە ڕەچاو نەکرێت و «بە سەوقی غەرەضی شەخسی و بە قصەی ئەم و ئەو خۆی» بهاوێتە ناوەوە و «هەراوزەنای بێسوود و بێ مەعنا» بکات، بێگومان ئیتر «مووەفەق بە خدمتکردن نابێ و جگە لەمەش لە لایەکەوە خۆی پیاو خراپ دەکا، وە لە لایەکی تریشەوە ئابڕووی مووەکیلەکانی و وەطەنەکەیشی دەبا» (ئەمین زەکی، ٢٠٠٥: ٣١- ١).

لێرەدا پرسیار ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەموو

هەوڵانـەی کـە ئەمیـن زەکـی بـەگ بـۆ ژیانـەوەی شوناسـی کـوردی لـە لایەکـەوە و گەشـەپێدانی بـواری وشـیاریی قەومـی کـورد لەلایەکـی دیکـەوە داویەتـی، دەوڵـەت لـە ئەندێشـەی ئـەودا خـاوەن چ پێگەیـەک بـوو؟

**٢-٢) پێگـەی دەوڵـەت لـە ئەندێشـەی سیاسـی ئەمیـن زەکـی بەگدا**

کـەس ناتوانـێ ئینـکاری بـکا کـە لـە هەمـوو میللەتێکدا کەمـێ زۆر، مەیلـی سـەربەخۆیی هەیـە و ئەمـەش لـە حقووقـی ئەساسـییە و تەبیعییـەی ئەفـراد و ئەقوامـە لـەم خسووسـەوە تەعقیبـی هیـچ کەسـێ و هیـچ قەومـێ نابـێ بکرێ، (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥).

ئەمیـن زەکـی بـەگ نایشـارێتەوە کـە ویسـتی سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵـەت لـە نێـوان نەتەوەکانـدا و بەوانەشـەوە نەتـەوەی کـورد، بوونـی هەیـە و لـەم بـارەوە ڕاشـکاوانە دەڵێـت ئـەم مافـە: «کـەس ناتوانـێ ئینـکاری بـکات»، (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥) و گرنگتـر ئـەوەی وەک «حقووقـی ئەساسـییە و تەبیعییـەی ئەفـراد و ئەقوامـە» پێناسـەی دەکات کـە نابێـت «لـەم خسووسـەوە تەعقیبـی هیـچ کەسـێ و هیـچ قەومـێ نابـێ بکـرێ»، (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٩٥).

ئەمیـن زەکـی جیـا لـەوەی بـە ڕاشـکاوانە سـەربەخۆیی، وەک مـاف پێناسـە دەکات، هەنـدێ ئاماژەی دیکـەی هەیـە کـە گوزارشـت لـە ویسـت و حـەزی ئەمیـن زەکـی بۆ سـەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵـەت- نەتـەوەی کـوردی دەکاتـەوە و لـەم ئاراسـتەیەدا دەکرێـت ئامـاژە بـە نموونـەی وەک گێڕانـەوەی حەماسـیانەی مێـژووی قـەڵای دمـدم، (ئەمیـن زەکـی، ١٠٥: ٢٠٠٥- ٩٣)، شـانازیکردن بـە پرسـی سـەربەخۆییخوازی میـر بەدرخـان، (هەمـان، ١٦٩- ١٧٢)، بایەخـدان بـە مێـژووی کوردسـتان و گەڕاندنـەوەی ڕەچەڵەکـی کـورد بـۆ زەنجیـرە قەومەکانـی زاگـرۆس، (هەمـان، ٢٠٠٦: ٦٦)، جەختکردنـەوە لـە سـەر جیاوازیـی کـورد و سـەربەخۆیی زمانـی کوردی لـە زمان و نەتەوەکانی دیکـە، (هەمـان: ٤٩) هەوڵـی بەردەوامـی بـۆ بەفەرمـی کردنـی زمانـی کـوردی، هەروەهـا بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان و پێگەیاندنی منداڵانی کـورد و گرنگتـر لـە هەمـووی جووڵـەی (١٥) وەک نوێنـەری سـەرجەم کوردسـتانی عێـراق بکرێـت کـە دەکرێـت وەک نموونـەی دەوڵەتخوازیـی ئەمیـن زەکـی بـەگ ئاماژەیـان پـێ بدرێـت.

**٢-٢) ئەمین زەکی بەگ و دەوڵەتی کوردی**

وەک پێشـتر ئاماژەی پـێ کرا، ئەمیـن زەکـی لـە ژیانـی سیاسـیی خۆیـدا قـەت بـە ئاشـکرا، لایەنگری لـە پرسـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی نەکردووە، تەنانـەت «بـڕوای بـە خەباتـی چەکـداری نەبـوو، لەمەشـدا لەگـەڵ زۆربـەی سـەرکردە ناسـراوەکانی کـورد لەوانـە شـێخ مەحمـوود و سـەرکردەکانی بـارزان، پێوەنـدی نەبـوو و .. بەڵکـوو ئـەو تەنانـەت کوشـتاری ڕۆژی شەشـی ئەیلوولـی ١٩٣٠ی ڕیسـوا نەکـردووە کـە لەسـەر دەسـتی هێزەکانـی حکوومـەت لـە سـلێمانی، شـارەکەی خـۆی ڕووی دا و بـە نـاوی ڕۆژی ڕەشـی شەشـی ئەیلـوول لـە مێـژووی هاوچەرخـی کـورددا تۆمـار کـراوە» (کەمـال مەزهـەر، ٢٠٠٦: ح).

بـە کورتـی لـەو سـەردەمەدا، جیا لـەوەی لایەنگری دەوڵەتـی کـوردی نەکـردووە، تەنانـەت سـۆزی بـۆ خەباتـی چەکـداری لـە پێنـاو دەوڵەتـی کـوردی نیشـان نـەداوە کە لێرەدا هـەوڵ دەدرێت هۆیەکانی لایەنگـری نەکردنـی لـە ڕێگـەی بەرهەمەکانییـەوە، بـە تایبـەت کتێبـی خولاسـەیەکی تاریخـی کـورد

و کوردستان وەک شوێنی دەربڕینی ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگ، ڕوون و شی بکرێتەوە.

**٢-٣) هۆکارەکانی لایەنگری نەکردنی ئەمین زەکی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی**

سۆزی عوسمانیخوازی، پۆستی حکوومی، بەتایبەت پرسی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی (لە بواری وشیاریی قەومی، خیانەت و ڕکابەریەتی میرانی کورد، هەروەها نەبوونی ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت)، مەترسی ماڵوێرانی و نەبوونی بڕوا بە یارمەتیی زلهێزەکان لە ڕیزی ئەو بەربەست و هۆکارانەیە کە لە ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگەوە دەکرێت وەک هۆکاری سەرەکی لایەنگری نەکردنی لە دەوڵەتی کوردی پێناسە بکرێت، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو هۆکارانە دەکرێت.

**٢- ٣- ١) عوسمانیخوازی و گوتاری عوسمانیگەرایی**

ئەمە پێنج ساڵ و دوو مانگە بەغدا و عێراق لە خاکی عوسمانی جیابوونەتەوە و چوونەتە عالەمێکی دیکەوە، ئەمرۆ بە دڵ و دەروونێکی عوسمانیخوازەوە دڵم بەو کارەساتە دەتەوزێتەوە، (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦- ١٥٨).

هاوکات لەگەڵ ئامادەبوونی ئەمین زەکی بەگ لە ئیستەنبوڵ، واتە لە نێوان ساڵەکانی (١٨٩٩- ١٩٢٤)، نزیکی (٦٠) ساڵ لە گوتاری عوسمانیخوازی (١٦) و (٢٣) ساڵ لە زاڵبوونی گوتاری ئیسلامخوازی (١٧) تێپەڕیبوو و لەم دوو گوتارەدا، کورد هەم وەک بەشێک لە دانیشتووانی عوسمانی و هەم وەک موسەڵمانی سوننە ئایین، لە دەستووری عوسمانیدا خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بوو و لە سێبەری ئەم گوتارەدا، ئەمین زەکی توانی لە ماوەیەکی کەمدا، پلە عەسکەرییەکان تێپەڕ بکات و کەمتر هەست بە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بکات و خۆی وەک بەشێک لەو گوتارە پێناسە بکات، ئەو گوتارەی کە بە قسەی خۆی «ئەعسابی قەومییەی تا دەرەجەیەک خاو کردبووەوە» کە بیر لە شوناسی خۆی نەکاتەوە، بەڵام بە زاڵبوونی گوتاری تورانخوازی و بە وتەی خۆی پاش ئەوەی لە جیاتیی «تەعبیری عموومیی عوسمانی، لەفزی تورک و تورانی لە تورکیادا باوی سەند»، هەستی بۆ کوردبوون و کوردستان بەدەرکەوت.

سەرەڕای سەرهەڵدانی پرسیاری شوناسخوازی لای ئەمین زەکی و زاڵبوونی گوتاری ڕەگەزپەرستانەی تورانخوازی و تورکخوازی و بە پەراوێزخستنی کورد لەلایەن ئەم دوو گوتارەوە، بەڵام هەر شایەتی ئەوەین، زەکی بەگ، هێشتا سۆزی بۆ عوسمانی و گوتاری عوسمانیخوازی و ئیسلامخوازی هەیە، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٢٢) سەبارەت بە هۆیەکانی شکستی عوسمانی و لەدەستدانی بەغدا لە کتێبی «کارەساتی لە دەستچوونی بەغدا»، باس لە ئازارمەندی خۆی دەکات و ڕاشکاوانە دەنووسێت: «ئەمە پێنج ساڵ و دوو مانگە بەغدا و عێراق لە خاکی عوسمانی جیابوونەتەوە و چوونەتە عالەمێکی دیکەوە، ئەمرۆ بە دڵ و دەروونێکی عوسمانیخوازەوە دڵم بەو کارەساتە دەتەوزێتەوە، (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦- ١٥٨)، سەیرتر ئەوەی هێشتا هیوای بە ژیانەوەی ئەم گوتارە، تەنانەت ژیانەوەی ئیمپراتۆریەتی مردووی عوسمانی هەیە و لەمبارەوە دەنووسێت «چونکە دەبینم وڵاتی ئیسلامی پیرۆزمان وا خەریکە پەرتوبڵاو دەبێتەوە، دانیشتووانی عوسمانی دەبێ وریا ببنەوە پەند لە ڕابوردوو وەربگرن...ئەو هەڵانەی کە لە عێراقدا کردوومانە»، (ئەمین زەکی بەگ، ٢٠١٠: ١٦٦- ١٥٨).

هـەق بـە ئـەو بـوو، گوتـاری عوسـمانیخوازی و ئیسـلامخوازی، «ئەعسـابی قەومییـەی» ئەمیـن زەکـی بـەگ و مونەوەرانـی دیکـەی کـوردی تـا «دەرەجەیـەک خـاو کردبـووەوە» کـە تەنانـەت ڕۆژنامـەی «کوردسـتان»یش (١٨) بـەردەوام ڕووی لـە خەلیفـە هەبـوو و سـەیرتر ئـەوەی مونەوەرانـی کـوردی نەتەوەخوازیـش «زۆربەیـان قاچێکیـان لـە عوسـمانی بـوو، ئـەوی دیکەیـان لـە نێـو کوردسـتان، ئـەوان بـەس دەیانویسـت ببنـە وەزیر، نـەک شـتی دیکـە» (بزارسـلان، ١٣٩٨: ٢١٧).

بـەم وەسـفەوە دەکرێت بانگەشـەی ئـەوە بکرێت، سـۆزی ئەمیـن زەکـی بـۆ گوتـاری عوسـمانیخوازی و ئیسـلامخوازی کـە تەنانـەت لـە دواییـن سـاتەکانی ئیمپراتۆریـدا بـە ڕاشـکاوانە دەردەبڕێـت، یـەک لـەو هـۆکارە سـەرەکییانە بـوو کـە ئەمیـن زەکـی لـە کاتـی نیشـتەجێبوونی لـە ئیسـتەنبوڵ، لایەنگـری دامەزراندنـی دەوڵـەتی کـوردی نەدەکـرد.

### ٢- ٣- ٢) بەشداریکردنی لە سیستمی دەسەڵاتدا

ئـەو کاتـەی کـە ئەمیـن زەکـی لـە ئیسـتەنبوڵ نیشـتەجێ دەبێـت، پلـەی سـەربازی دەوڵەتـی عوسـمانی وەردەگرێـت و دەبێتـە بەشـێک لـە سیسـتمی عوسـمانی و تـا دواسـاتەکانی لـەو سیسـتمەدا دەمێنێتـەوە، هەروەهـا پـاش ئـەوەی دەگەڕێتـەوە بەغـداش تـا سـاتی مەرگـی، وەک بەشـێک لـە دەسـەڵات دەمێنێتـەوە، تەنانـەت نـۆ جـار پۆسـتی وزارەت، یـەک جـار کورسـی نوێنەرایەتـی پەرلەمـان و چەنـدان پۆسـتی سـەربازیی دیکـەش وەردەگرێـت.

پەیوەسـتبوونی ئەمیـن زەکـی بـە سیسـتمی دەسـەڵاتەوە، وای لـێ دەکات، چ لـە ئیسـتەنبوڵ و چ لـە بەغـدا، ئیتـر نەوێرێـت ڕاشـکاوانە بـاس لـە دەوڵەتـی کـوردی بـکات، تەنانـەت لـە پێنـاو بەهێزکردنـی سـپای عوسـمانی هەشـت کتێـب بـە تورکـی بنووسـێت و لـە بەغداش سـەرەڕای هـەوڵ بۆ کۆمەڵگـەی کـوردی، سـەبارەت بـە بەهێزکردنی سـپای عێـراق، کتێـب بنووسـێت و گرنگتـر لـەوەش لە ڕێگەی نووسـینی نامیلکـەی «دوو تەقـەلای بێ سـوود»، بۆ مانـەوەی عێـراق و جیـا نەبوونـەوەی کـورد هـەوڵ بـدات و ئـاوا ڕوو لـە مەلیـک فەیسـەڵ، سـەرەڕای دانپێدانـان بـە پێشـێلکردنی مافەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی و مەغدووریەتـی کـورد بـکات: «خولاصـە لـە سـوودەی عالییـەی مەلەکـی ئیسـتیرحام ئەکـەم بـە چاوێکـی عەطـف و مەرحەمـەت تەماشـای ئـەم مەسئەلە موهیممـە بکرێ و بۆ چارەکردنی زوو ئەمر بـدرێ تـا ئـەم ئیختیلافاتـە لەنـاوا نەمێنـێ و وەحـدەی موحتەرەمـەی عێـراق مەحفووظ بـێ و دڵـی قەومـی کـورد بێتەوەجـێ و ببێتـە عونصورێکـی موخڵـص و حاریسـێکی صادیق بـۆ عەرشـی جەلالەتتـان، ئیتـر ئیسـتیرحام ئەکـەم کـە لـە بابـەت سەربەسـتیی فیکر و مەعرووضاتـم عەفـوو بفەرموون» (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ٤٩)

کەواتـە وەرگرتنـی پۆسـت و بوونـی بـە بەشـێک لـە دەسـەڵات وای لـە ئەمیـن زەکـی بـەگ کردبـوو کـە سـەرەڕای ئیزعـان کردنـی بـە پێشـێلکردنی مافـی کـورد لـە سـەردەمی دامەزراندنـی دەوڵـەت - نەتـەوەدا، هـەر خـۆی بـە بەشـێک لـە دەسـەڵات پێناسـە بـکات و لایەنگری لـە دەوڵـەت و شۆڕشـی چەکداری کـوردی نـەکات.

### ٢- ٣- ٣) «پێنەگەیشتن»ی کۆمەڵگەی کوردی

سـەبەبی هـەرە ئەساسـیی سـەرنەگرتنی حەرەکاتـی کـورد، پێنەگەیشـتنیەتی؛ دوێنـێ وا بـوو، ئەمـڕۆش وایـە. بـۆ پێکەوەنانـی ئیدارەیەکـی سـەربەخۆ- باخسـووس لـەم دەورەدا- لـە پێـش هەمووەدا دوو شـت زۆر پێویسـتە: عیلم و سـەروەت؛

هـەر قەومێـک کـە لـەم دوو خەزێنەیـە مەحـرووم بـێ، سـەربەخۆیی چنـگ ناکـەوێ (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧)

ئەمیـن زەکـی بـەگ لـە کاتـی باسـکردن لـە بایەخـی مێژوونووسـی، ئامـاژە بـە دوو خاڵـی زانسـت و سـەرمایە وەک دوو خاڵـی پێویسـت بـۆ سـەربەخۆیی دەکات و لـەم بـارەوە دەنووسـێت: «بەڕاسـتی تاریـخ ئاوێنەیەکـی عیبرەتـە و ئینسـان و ئەقـوام ئەبـێ دائیمـەن ئیسـتیفادەی لـێ بکـەن و لـە سـەبەبی سـەرنەگرتنی بەعـزێ ئیـش و قیـام بـاش ورد ببنــەوە و تووشـی عەینـی نەتیجـە و فەلاکـەت نەبـن. لـە سـەرەوە گوتمـان کـە سـەبەبی هـەرە ئەساسـیی سـەرنەگرتنی حەرەکاتـی کـورد، پێنەگەیشـتنیەتی؛ دوێنـێ وا بـوو، ئەمـڕۆش وایـە. بۆ پێکەوەنانـی ئیدارەیەکی سـەربەخۆ- باخسـووس لـەم دەورەدا- لـە پێـش هەمـوودا دوو شـت زۆر پێویسـتە: عیلـم و سـەروەت؛ هـەر قەومێـک کـە لـەم دوو خەزێنەیـە مەحـرووم بـێ، سـەربەخۆیی چنگ ناکـەوێ و هـەر هەوڵێکی کـە بـۆی ئـەدا، بـە بـا ئەچـێ و زەرەری ماڵـی و ڕوحـی بـۆی ئەبـێ؛ شـایەد سیاسـەتی عموومییـە موسـاعەدەی بـکا و بـە مەقسـەدیش بـگا، [بـەڵام] لـە غایەکـەی خێـر نابینـێ و ناحەسـێتەوە و بـە نەوعێکـی تـر ئەسـیر ئەبـێ؛ بـۆ ئیسـپاتی ڕاسـتییەتی ئـەم قاعیدەیـە میسـاڵ زۆرە» (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧)

کەواتــە لــە ڕێگــەی ئامــاژەوە، بــاس لــەوە دەکات، کۆمەڵگـەی کـوردی لـە بـواری زانسـت و سـەرمایەدا هێشـتا پێنەگەیشـتووە، تەنانـەت گـەر بێتـو بـە هـۆی ڕووداوێکـەوە بەخـت یارمەتـی بـدات و بـە واتایەک «سیاسـەتی عموومییە موساعەدەی بـکا» و سـەربەخۆش بێـت، چونکە پێنەگەیشـتووە «غایەکـەی خێـر نابینـێ و ناحەسـێتەوە و بـە نەوعێکـی تـر ئەسـیر ئەبێ.»، (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٧٧).

بـەم وەسـفەوە، ئەمیـن زەکـی دژایەتـی خـۆی بـۆ پرسـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی لـەو سـەردەمەدا بـە هـۆی پێنگەیشـتنی کۆمەڵگـەی کـوردی ڕادەگەیەنێـت و هـەر لـەم ئاراسـتەیەدا دەنووسـێت: «ئەوەنـدە هەیـە ئـەو قەومـە، باخسـووس تێگەیشـتووانی ئـەو قەومـە، ئەبێ لـە پێـش هەمـوو شـتێکدا بـۆ ئـەم سـەربەخۆییە چـی پێویسـتە، ئەوە بکەنە هەدەف و غایە و ڕێگەیەکی ماقـووڵ و ئەمیـن بگرنـە پێـش، لـە عیلـم و مەنتیق قـەت لانـەدەن و ڕوح و ماڵـی خۆیـان بەبـێ وەقـت و بـە هەڵەشـە و بـە خۆڕایـی سـەرف نەکـەن، هێمـن و وریـا بـن، بـە برایەتـی و دڵسـۆزی دەس بدەنـە دەسـی یـەک و بەبـێ شـەڕ و هـەرا سـەعی بکـەن، ڕوشـدی ئیجتیماعـی و سیاسـیی خۆیـان بە مەکارمـی ئەخـلاق و عیلـم و سـەروەتیان ئیسـبات بکـەن، چونکـە پێویسـتی سـەربەخۆیی ئەمانەیـە و لازمـە بزانـرێ کـە لـەم عەسـرەدا سـەربەخۆیی لەگـەڵ جەهـل و فەقـردا نـاژی و لـە باتـی ڕەفاهـ و سـەعادەت بـۆ قەومەکـە، ئیسـتیبداد و فەلاکـەت ئەهێنـێ و بـە دەس غەریبـە و موتەغەلیبــەوە گیـرۆدە و زەلیلـی ئـەکا»، (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ٢٠٠٦: ١٩٨- ١٩٥).

کەواتـە ئەمیـن زەکی، جگـە لەوەی دوو تایبەتمەندی زانسـت و سـەرمایە بـۆ گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی و دامەزراندنـی دەوڵـەت بـە پێویسـت دەزانێـت، ئامـاژە بـە چەنـدان خاڵـی دیکـەی وەک گەشـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی، یەکڕیـزی، هەڵبژاردنـی ڕێگەیەکـی مەنتیقـی و بـە واتایـەک وشـیاریی قەومـی بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی دەکات و ڕاشـکاوانە دووبـارەی دەکاتـەوە لـە نەبوونـی وشـیاریی قەومـی، ئەگـەر دەوڵەتـی کوردیـش دابمەزرێـت، بێجگـە لـە زەرەر و ناسـەقامگیری و «ئیسـتیبداد و فەلاکـەت»

کەمترین دەسکەوتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی نییە.

لێرەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت لە ئەندێشەی سیاسی ئەمین زەکی بەگدا، کۆمەڵگەی کوردی چونکە لە باری وشیاریی قەومییەوە، پێنەگەیشتووە نابێت بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە.

### ٢- ٣- ٣) نیشانەکانی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی لە بواری وشیاریی قەومییەوە

گەشەنەکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، پرسی خیانەت، نەبوونی یەکێتی، ڕەکابەریەتی میرانی کورد و نەبوونی ڕێبەرانی شارەزا لە سیاسەت، لە ڕیزی ئەو تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەی کوردین کە لە ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگەوە، گوزارشت لە پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بۆ پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێت.

**یەکەم: کێشەی ناوەکی، ڕەکابەریەتی و نەبوونی سیاسەتمەداری شارەزای سیاست**

ئەمین زەکی لە کاتی باسکردن لە هۆیەکانی شکستی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئەمیر بەدرخان، جان پۆڵاد و ئەمیر خانی برادۆستی و حەرەکەتی تەیموور، هەروەها چەندان شۆڕشی دیکە، دەنووسێت: «ئەسبابی موەفەقنەبوونیان لە خارجی زیاتر، لە داخڵی خۆیاندا بووە و هێشتا بۆ ئەم تەرحە ئیشانە پێنەگەیشتووین و لە وەزعییەتی سیاسییەی دەور و پشتمان ئەوەندە ئاگادار نەبوون» (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٦٩- ١٧٧)، هەروەها لە کاتی باسکردن لە عەبدولڕەحمان پاشای بەبە و هۆیەکانی شکانی دەنووسێت: «ئەسبابی سەرنەگرتنی ئەم حەرەکەتە: تەعەسوب و زۆر ئیعتیمادکردن بە عالمانی لە سیاسەت بێ خەبەر، لە ئیتیفاق و ئیتحادکردن لەگەڵ ئومەرای دراوسێدا بێموبالاتی و ڕقەبەری و حەسوودی ئومەرای بەبە و بادینان و جەزیرە بوو»، (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٧٢- ١٧٧).

لێرەدا ئەمین زەکی، بە سەراحەت ئاماژە بە سێ نیشانەی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کورد، واتە زۆریی کێشەی ناوخۆیی، نەبوونی سیاسەتمەداری شارەزا لە سیاسەتی دنیا و ڕەکابەریەتی میرە کوردەکان دەکات.

**دووەم: وانەوەرنەرگرتن لە مێژوو، شەڕی ناوخۆیی، نەبوونی یەکڕیزی**

ئەمین زەکی لە باسی شەڕی سەفەوی و عوسمانی، دەنووسێت: «ئەم شەڕە گەورە، ئەهمیەتی سیاسییەی کوردی بە تەواوی بە کورد سەلماند، بەڵام کورد لەم دەرسە باشانەی تاریخ نەیتوانی و نەیزانی عیبرەت وەربگرێ و لە مەوقیعە موستەسناکەی خۆی ئیستیفادە بکا و کۆمەڵێکی یەکدڵ دامەزرێنێ و بەرانبەر بە لافاوانی ئیستیلای یەک لە دوای یەک بە کۆمەڵییەکی بەقووەت ڕاوەستێ. ئەو بەڵایانەی کە کوردی لەم خۆ گردکردنەوەیە مەنع کرد، هەمووو ئەیزانین کە جەهل و فەقر و نیفاق بوو و کورد لە ژێر ئەم بارە گرانەدا پشتی کۆما بووەوە و جەریانی سیاسەت و تەفرەی کاربەدەستانی، تووشی موسیبەتی خۆخۆری کردبوو، لە باتی پشت بدەنە پشتی یەک و بە دڵسۆزی هەوڵ بۆ ڕزگاریی خۆیان و ڕزگاریی وڵاتەکانیان بدەن، دائیمەن بە گژ یەکدا ئەچوون و شیریان لە یەک ئەسوو. واقیعەن وەکوو لە جڵدی دووەمی ئەم کتێبەدا بەیان ئەکرێ، گەلێ حکوومەتی بەقووەتیان دامەزراندووە، گەلێ ئیمارەتیان پێکەوە ناوە، بەڵام ئەمانە هەموویان

بە سەبەبی دوژمنایەتیی بەینی خۆیانەوە و زۆریشیان بە دەسی خۆیان، لە ناو براون»، (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٤٩).

لەم بەشەشدا و لە درێژەی ئاماژەدان بە نیشانەکانی پێنگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی، ئاماژە بە چەندان نیشانەی دیکە و لەوانە، وانەوەنەرگرتن لە مێژوو، شەڕی ناوخۆیی و نەبوونی یەکڕیزی وەک بەشێکی دیکە لە نیشانەکانی پێنگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات کە سەرجەمی ئەم نیشانە و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردین کە لە ڕوانگەی (ئەمین زەکی بەگ)ـەوە، گوزارشت لە نەبوونی وشیاریی قەومی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن.

ئەمین زەکی بەگ، جیا لە ئاماژەدان بە نیشانەکانی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی و بە واتایەک نەبوونی وشیاریی قەومی لە کۆمەڵگەی کوردی، ئاماژە بە چەندان خاڵی دیکە دەکات کە دەکرێت وەک بەربەستی دیکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ڕوانگەی زەکی بەگەوە تەماشا بکرێت، مەترسی ماڵوێرانی پاش شۆڕشەکان (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٩٢- ١٩٣) و پشتبەستن بە وەعدی زلهێزەکان لە ڕیزی ئەو بەربەستانەیە کە ئاماژەیان پێ دەکات. بۆ نموونە سەبارەت بە وەعدەکانی وڵاتانی زلهێزی بەشداری کۆنفراسی سوڵحی ١٩٢٠ دەنووسێت: «خولاسە مەسئەلەی کورد لە حەواڵە و گەواڵە زیاتر شتێکی تر نەبوو. کۆنفرانسی سوڵح کە کەلیمەی عەدالەت و ئینساف و قوتارکردنی میللەتانی مەزڵوومەی لە زمان نەئەکەوتە خوارەوە، ئەم جارەش بەرانبەر بە کۆمەڵی بەشەرییەت ئیسپاتی کرد کە کەلیمەی عەدل و ئینساف بێمەعنایە و قەڵغانێکە بۆ تەفرەدانی بەشەرییەت، هاواری زەعیف و مەزڵووم، حەق و حقووقی بێکەسان تەئسیر ناکاتە ویجدانی سیاسەت. بە دەرەجەیەکی وا کە ئەوانەی کە چوار وڵاتی گەورەیان پێشکەش یەک دوو ملیۆنی ئەرمەنی کرد، حەتا وڵاتێکیشیان بە ڕاستە ڕاست بە چەند ملیۆن کورد ڕانەبینی، (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦: ١٨٤- ١٨٨).

کەواتە ئەمین زەکی جیا لەوەی بەشێکە لە دەسەڵات، نایشارێتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، کۆمەڵگەی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هێشتا پێنەگەیشتووە و لێرەوە ئیتر کاتەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە گونجاو نازانێت و لە باتی لایەنگریکردن لە دەوڵەتی کوردی و خەباتی چەکداری، ڕوو دەکاتە مێژوونووسی و کاروباری ئیداری لە پێناو گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی قەومی کۆمەڵگەی کوردی.

## ئەنجام

ئەندێشەی سیاسی و بە واتایەک ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگ لە سەر پرسە سیاسییەکان و لەوانەی پرسی دەوڵەت، لە نێو بەرهەمەکانی و بە تایبەت کتێبی «خولاسەیەکی مێژووی کورد و کوردستان» دەردەکەوێت و خۆی نیشان دەدات، لێرەوە تێگەیشتن لە ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی، تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمەکانییەوە دەکرێت، ئەو ڕێگەیەی کە ئەم توێژینەوەیە هەڵی بژاردووە.

لە ئەندێشەی سیاسیی ئەمین زەکی بەگدا، سەربەخۆییخوازی و ویستی دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە، مافێکی بنەڕەتی و سروشتییە و هەڵبەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، پێگەیشتنی کۆمەڵگە و وشیاریی قەومی، مەرجی سەرەکی و زەرووریییە.

ئەمین زەکی لە سەردەمی خۆیدا کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەرجەستەبوونی گوتاری دەوڵەتخوازی لەلایەکەوە و دەسپێکردنی بزاڤی مافخوازی کوردی لەلایەکی

**دیکەوە، جیا لەوەی بەشداری هیچ خەباتێکی چەکداری کوردی ناکات، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەک ئەولەویەت پێناسە ناکات، تەنانەت کەمترین لایەنگریشی لێوە ناکات.**

**جیا لە کاریگەری گوتاری عوسمانیخوازی و بەشداربوونی لە سیستمی دەسەڵاتدا، ئەمین زەکی لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگەی کوردی لە بواری وشیاریی قەومی و بوونی ڕێبەرانی شارەزای سیاسەت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، هێشتا پێنگەیشتووە، تەنانەت ئەگەر «سیاسەتی عوومومییە موساعەدەی بکا» و دەوڵەتی کوردیش دابمەزرێت، چونکە کۆمەڵگە پێنەگەیشتووە، لە دەرنجامدا، کورد جیا لەوەی کەمترین «خێر نابینێ و ناحەسێتەوە»، تەنانەت «بە نەوعێکی تر ئەسیر ئەبێ» و دەوڵەتی کوردی لە باتی هێنانی بەختەوەری بۆ خەڵکی کوردستان، «ئیستیبداد و فەلاکەت» ئەهێنێ و ئینسانی کورد «بە دەس غەریبە و موتەغەلیبەوە گیرۆدە و زەلیل ئەکا»ت.**

**ئیتر بەم بۆنە و پاساوەوە، ئەمین زەکی بەگ جیا لەوەی لایەنگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکات، بەشداری هیچ خەباتێکی چەکداریش نابێت و لە بەرانبەردا، بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی قەومی لە ڕێگەی مێژوونووسی، هەروەها پێگەیاندنی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی کاروباری ئیداری و پەرلەمانییەوە وەک ئەولەویەتی سەرەکی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە دەکات و ژیان و کاتی خۆی بۆ تەرخان دەکات.**

**پەراوێزەکان:**

١٣) ئەم گوتارە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە ڕێگەی مونەوەرانی تورک ڕەگەزی ئەو سەردەمی عوسمانی زاڵ کرا، شکستی یەک لە دوای یەکی عوسمانی لە بواری سەربازی، قەیرانی شوناس و بەڕێوەبردنی وڵات، بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسانەی تورانیخوازەکان، شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨ و گرێی لە دەستدانی بەشێکی خاکی ئیمپراتۆر و... لە ڕیزی سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گوتاری پان تورانیزم بوو.

١٤) ئەحمەد فەرید لە ئەندامانی پانتورانیزمی «ژووری تورک» لە ساڵی ١٩١٤ نووسی: «دەوڵەتی داهاتووی تورک دەبێ ئەنادۆڵ وەک نیشتمانی خۆی هەڵبژێرێت»، (انتخابی، ٥: ١٣٩٠ – ٨٤)، ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری پان تورکیزم بوو.

١٥) لە نامیلکەی دوو تەقەلای بێ سوود بە ڕوونی دەبینرێت کە نەک وەک نوێنەری تەنیا سلێمانی، بەڵکوو وەک نوێنەری سەرجەم کوردستانی عێراق دەردەکەوێت و ڕاشکاوانە جەخت لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، وەک مافی زمانی و بە کوردستانی ناساندنی کەرکووک و مووسڵ و شنگال و دابینکردنی وەعدەکانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ کوردستان دەکاتەوە، (ئەمین زەکی، ٢٠٠٥: ٣٣ – ٤٩).

١٦) بەرپرسانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پێشگرتن لە جیابوونەوەی کەمایەتییە ئایینییەکانی وڵات، ئەولەویەتیان بە گوتاری یەکڕیزی، واتە گوتاری عوسمانییخوازیدا و لەم ئاراستەیەدا، سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩ - ١٨٦١) بە دەرکردنی فەرمانی چاکسازی لە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٣٩) کە بە «سەردەمی تەنزیمات» پێناسە کراوە (١٨٣٩ - ١٨٧٦) گوتاری عوسمانیخوازی بەرزکردەوە، لەم گوتارەدا مافی ئایینی و یەکسانی سەرجەم دانیشتووانی عوسمانی بە فەرمی ناسرا.

١٧) چەندان دەیە پاش ناکارامەبوونی گوتاری عوسمانیگەرایی، دەسەڵاتداران بە ناچاری پەنایان بۆ ئیسلامخوازی لە پێناو پاراستنی پاشماوەی ئیمپراتۆری برد، لێرەوە ئیتر دەستەواژەی وەک «سەڵتەنەتی سوننەی عوسمانی» و «خەلافەتی مەزنی ئیسلامی» جێگەی «یەکسانی دانیشتووانی عوسمانی» لە دەستووری ساڵی (١٨٧٦)ی گرتووە و لە سەردەمی سوڵتان عوبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ – ١٩٠٩) پاش جیابوونەوەی یۆنان و سربیستان، هەروەها مەترسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، گوتاری پان ئیسلامیزم بوو بە ئەولەویەتی سیاسەتی ئیستەنبوڵ و جێگەی عوسمانیخوازی گرتەوە، (انتخابی، ١٣٩٠:٦٥).

١٨) بڕواننە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان، ١٩٢٠ – ١٩٠٨ کۆکردنەوە و پێشەکی، د.کەمال فوئاد، ژمارەکانی ١ تا ١٣.


**سەرچاوەکان:**

**کوردی**

* ئەلاکۆم، ڕوهات (٢٠٠٥) کوردەکانی ئیستەنبوڵی کۆن، وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی.

* ئەمین زەکی بەگ، (٢٠٠٦)، سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، بەرگی چوارەم خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، سلێمانی، بنکەی ژین.

* ئەمین زەکی بەگ، (٢٠٠٥) سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی سەدیق ساڵح، سلیمانیێ، ژین.

* ئەمین زەکی بەگ (٢٠٠٦) سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، بەرگی دووەم، تەئریخی سلێمانی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، سلیمانیێ، ژین.

* ڕەفیق ساڵح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین

* کەمال مەزهەر، (٢٠٠٦) پێشەکی، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، ژین.

* مستەفا نەریمان، محەمدئەمین زەکی لە کتێبی (بغداد وصوک حادثە ضیاعی) (١٦٦ – ١٥٨) ڕەفیق ساڵح (٢٠١٠) چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین، لاپەڕەکانی ٦٥ – ٦٠.

**ڕۆژنامەکان:**

* سەجادی، عەلائەدین (١٩٤٨) ئەمین زەکی کۆچی دوایی کرد، گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی(٩) لاپەڕەکانی ٥٤ – ٦٤.

* کەمال مەزهەر (٢٠٠٠) لە نێوان خواجا ئەفەندی و ئەمین زەکی بەگ دا، گۆڤاری ڕەنگین، بەغدا، ژمارەی ١٣٨.

* ڕۆژی کورد، (ئیستەنبوڵ ١٩١٣) ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی ئیسماعیل شوکور، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥.

کوردستان، (١٨٩٨ – ١٩٠٢) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوە و پێشەکی، د.کەمال فوئاد، هەولێر. بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، ٢٠٠٠.

**فارسی:**

* انتخابی، نادر (١٣٩٢) دین و دولت و تجدد در ترکیە، تهران، هرمس.

* بزارسلان، حمید (١٣٩٨) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباسولی، بزارسلان و..ترجمەی کراد روحی، تهران، چشمە.

* رئیس نیا. رحیم (١٣٦٨) ایران و عثمانی، تبریز. ستودە.

* مک داول، دیوید (١٣٨٣) تاریخ معاصر کرد، ترجمە ابراهیم یونسی، تهران، پانیذ.

**عەرەبی:**

* امین زکي بک (١٩٢٩) تقریر امین زکي نایب السلیمانیة، بشأن الجیش العراقي، مطبعة العراقي.

* دارا جمال غفور (٢٠٠٨)، محمد امین زکي ودوره السیاسي والاداري في العراق (١٩٢٤ – ١٩٢٨)، السلیمانیة، ژین.

**ئینگلیزی:**

Mardin(2000) The Genesis of Yong ottoman Thougt. * New York: Syracuse University press.